KOREK Telecom



پاڵەوانی جیهان لە یاری جودۆ: مێسی هەموومان دڵخۆش دەکات

# ئەمشەو ئاڵای کوردستان لە ملی مێسی دەکرێت

**ڕووداوی وەرزشی - جۆرجیا**

ئەمشەو کاژێر 9:45 بە کاتی کوردستان، یاری جامی سوپەری ئەوروپا لەنێوان هەردوو یانەی ئیسپانی، بارسێلۆنا و سڤیلیا لەسەر یاریگەی بۆریس پایچادیزێ لە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا ئەنجامدەدرێت. بۆ بینینی ئەستێرەکانی بارسێلۆنا، بەتایبەتیش لیۆنێل مێسی، ژمارەیەکی زۆر کورد ئامادەی یارییەکە دەبن.

بەشێک لەو 20 هەزار گەشتیارەی وەک جۆرج چۆگۆڤاتزێ، وەزیری گەشتوگوزاری جۆرجیا، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت بۆ بینینی یاری جامی سوپەری ئەوروپا دێنە جۆرجیا، کوردن، کە بە دەیان و سەدان گەنج و تەنانەت بەتەمەنەکانیش، لە شار و شاروچکە و تەنانەت گوندەکانی کوردستانیشەوە گەشتی جۆرجیایان کردووە بۆ ئەوەی ئەمشەو یاریکردنی مێسی و هاوڕێکانی ببینن.

شێخان شێخانی، گەنجێکی هەولێرەو دەیەوێ ئاڵای کوردستان بخاتە ملی مێسی. ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دەبێ ئەمشەو هەموو جیهان ئاڵای کوردستان لەسەر شانی مێسی ببینێت».

نەک تەنیا کورد، بەڵکو جۆرجییەکانیش کە میوانداری یارییەکەیان کردووە، دڵخۆشن بە هاتنی مێسی و بارسێلۆنا بۆ وڵاتەکەیان. ئەڤتاندێل چریکیشڤیلی، پاڵەوانی جۆرجیا و جیهان لە یاری جودۆ، کە 3 جاریش بووەتە پاڵەوانی ئەوروپا، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «مێسی هەموومان دڵخۆش دەکات».

لە لاپەڕە 3 ڕاپۆرتێک لەو بارەوە بخوێنەوە

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (362) سێشەممە 2015/8/11 20ی خەرمانان 2715 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

لەمەودوا پاریس 2 ئیڤلی دەبێت..

# دیماریا فریشتەیە یان ئەهریمەن




"نرخی یەکەم گرێبەستی دیماریا تەنیا 30 تۆپ بوو"

مارادۆنا: لە تەمەنی 3 ساڵی لەگەڵ تۆپ دەنوستم

4

"هەردی و کۆسرەت ناتوانن یاری بۆ هەولێر بکەن" 2»



**یەکەمجارە**

یەکێتیی شەترەنجی ئاسیا داوایەک ئاراستەی ڕۆژنامەنووسێکی وەرزشیی کورد دەکات وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هاوکارییان بێت. ئەویش هاوار مورتکەییە، کە لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "ئەم داوایە ڕاستەوخۆ لەلایەن هیشام عەلی ئەلتاهیری ئەمینداری گشتیی یەکێتی شەترەنجی ئاسیا ئاراستەم کراوە، ئەمە یەکەمجارە ڕۆژنامەنووسێکی کورد دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی بەشی ڕاگەیاندن لە یەکێتی شەترەنجی ئاسیا". ئەوەی واکردووە یەکێتی شەترەنجی ئاسیا ئەم داوایە ئاراستەی هاوار بکات ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردە زیاتر لە 5 ساڵە تایبەتمەندی کارەکەی خستووەتە سەر یاری شەترەنج و لە زۆر پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتیدا ئامادەبووە.



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# وەرزشوانان بە لاڕێدا مەبەن

ئەو بارودۆخەی بەسەر باشووری کوردستاندا هاتووە لە بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی بەغداو شەڕی داعش و دواترینیشیان قەیرانی ناوخۆیی، کاریگەری بۆ سەر هەموو جومگەکانی ژیان لەو هەرێمەدا هەیە، باشە، ئەوە بارودۆخێکە بەهەموومانەوە پەیوەستەو نزیکەی هەموومان لە یەک سەنگەرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان.

بەڵام مانای ئەوەش نییە ژیان بوەستێت و تارادەیەکی باش لە زۆربەی جومگەکاندا ژیان بەردەوامەو هەناسەیەکی ئومێد هەیەو دڵنیام ئەو قۆناخەش تێدەپەڕێت.

وەرزش و هونەر دوو لایەنی گرنگ و ڕپڕبایەخی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکن، پێشکەوتنی ئەو دوو بوارە، پێشکەوتن و تەندروستبوونی ئەو کۆمەڵگەیەیە، بۆیە وەستانی ئەوان، کاریگەری خراپ دروست دەکات.

دوو ساڵە بەهۆی قەیرانی داراییەوە حکومەتی کوردستان هاوکاری و پاڵپشتییە داراییەکانی بۆ بواری وەرزش زۆر کەمکردووەتەوەو لە دواییدا گەیشتە بڕینی بودجەو هاوکاری یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان و دامەزراوە وەرزشییەکان.

هەر بەم هۆیەشەوە زۆربەی یانە و دامەزراوە وەرزشییەکان پەکیان کەوت و ئێستا وردە وردە بەرەو توانەوەو لێکهەڵوەشاندنەوە دەچن، تەنانەن زۆر لە یانەکان زۆربەی تیپەکانیان هەڵوەشاندووەتەوەو لیژنەی ئۆڵمپی و یەکێتییە وەرزشییەکانیش چالاکییەکان وەستاندووە.

پێموایە بەردەوامی ئەو بارودۆخەی وەرزش، کاریگەری خراپی دەبێت و کاردانەوەی نێگەتیف دروستدەکات، چونکە هەڵوەشاندنەوەی تیپەکان و بەڕێوەنەچوونی خول و پاڵەوانیەتییەکان و چۆڵبوونی یاریگەو هۆڵە وەرزشییەکان، پێشهاتی دیکە دێنێتە پێشەوەو گەنج و لاوە وەرزشوان و وەرزشدۆستەکان و جەماوەری وەرزشی لە بۆشایی و بەتاڵیدا دەهێڵێتەوەو پێموایە زۆربەیان ڕوودەکەنە چایخانەو کافیتریاکان، لە بری وەرزشکردن، دووچاری نێرگەلەو جگەرەکێشان و ئاکاری خراپ دەبن، یان خەریکی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبن.

دروستبوونی ئەو فەزایە خراپەو پەراگەندەبوونی وەرزشوانان و گەنجان، دوورنییە ببێتە هۆی بەلاڕێدا بردنیشیان بەرەو بیرکردنەوەی خراپ و توندڕەوی، ڕەنگە لەلایەن خەڵکی خراپ و خاوەن ئایدیای خراپیشەوە هەڵبقۆزرێنەوەو تەنانەت بۆی هەیە دژی دەسەڵات و بەرپرسانی کوردستانیش بەکاربهێنرێن.

بۆیە پێموایە بەرپرسانی کوردستان و حکومەت پێویستە بە ڕژدی بیر لەو بابەتە بکەنەوەو هەوڵبدەن هەرچۆنێک بێت، چارەسەری کێشەی بڕینی بوودجەو هاوکاری یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان و لیژنەی ئۆلۆمپی و دامەزراوە وەرزشییەکان و تەنانەت هونەرییەکانیش بکەن، ئەگەر بەشێوەیەکی کەمتریش بێت لەوەی پێشتر هەبووە، چونکە وەرزش هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوەی گەنجان لەسەر ڕێگەی دروست بۆ ژیان و بۆ خزمەتکردن و بەرزبوونەوەی ئینتیمایان بۆ وڵاتەکەیان، بە پێچەوانەوەشەوە، بەردەوامی ئەو قەیرانە داراییەی دووچاری وەرزش بووە، کە ڕەنگە هەندێکی پەیوەندی بە ڕۆتینیات و ململانێی حزبی ناو حکومەتەوە هەبێ، پێموایە زەنگێکی مەترسیدارە و ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت.

## کۆسرەت بایز، یاریزانی یانەی هەولێر:

# یانەی زاخۆم جێنەهێشتووە



"بە یاریزانی کوردەوە دەتوانین خولی عێراق ببەینەوە"

کۆسرەت بایز، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی وەرزشیی هەولێر، ئەو لەدایکبووی ساڵی 1991ی شاری هەولێرە، ماوەیەکی زۆرە خزمەتی یانەی هەولێر دەکات و چەندین ئەنجامی شایستەی لەگەڵ یانەی شارەکەیدا بەدەستهێناوە. بەهۆی ئاستی بەرزییەوە ئەم وەرزە لەلایەن چەندین یانەی عێراقییەوە گرێبەستی پێشکەشکرا، بەڵام ئەو لەنێو هەموو تیپەکاندا گرێبەستی یانەی زاخۆی پەسندکرد، کەچی دوای کەمتر لە هەفتەیەک پەیوەندیکردنی بە یانەی زاخۆ گرێبەستەکەی هەڵوەشاندوەو گەڕایەوە یانەی هەولێر.

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی



**ڕووداوی وەرزشی: بۆچی گرێبەستت لەگەڵ یانەی وەرزشیی زاخۆ هەڵوەشاندەوەو جێتهێشت؟**

**کۆسرەت بایز:** لە ڕاستیدا من یانەی زاخۆم جێنەهێشتووە، بەڵکو ماوەی گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەی هەولێر ساڵێکی ماوە، ئەوە هۆکارەکە بوو.

**ڕووداوی وەرزشی: هۆکاری جێهێشتنەکەت تەنیا پارەبوو، کە پێتنەدرابوو؟**

**کۆسرەت بایز:** نەخێر، وەک گوتم تەنیا هۆکار ئەوەبوو کە من ماوەی گرێبەستەکەم ماوە.

**ڕووداوی وەرزشی: جگە لە یانەی زاخۆ هیچ گرێبەستی دیکەت پێشکەش کرابوو؟**

**کۆسرەت بایز:** بەڵێ، چەندین گرێبەستم بۆ هاتبوو، بەتایبەتی لە یانەی نەفتی ناوەڕاستی پاڵەوانی خولی عێراق، زەورا و نەفتی باشوور و زۆر یانەی دیکەش، بەڵام بە نەخێر وەڵامم دانەوە، چونکە یانەی هەولێر ڕێگربوو لەم گرێبەستانە.

**ڕووداوی وەرزشی: کاتی ئەوە نەهاتووە چیدی پشت بە یاریزانانی بیانی نەبەستین؟**

**کۆسرەت بایز:** لە ڕاستیدا لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، پێویستیمان بە چەند یاریزانێکی پیشەگەری بیانی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەزموون و پێگەیاندنی یاریزانانی خۆمان.

**ڕووداوی وەرزشی: پێتوایە ئەحمەد سەلاحی ڕاهێنەری ئێستای یانەکە بتوانێت سەرپەرشتی یانەیەکی گەورەی وەک هەولێر بکات؟**

**کۆسرەت بایز:** ڕاهێنەر ئەرکێکی گرنگە لە هەموو تیپێک لە هەموو ڕوویەکەوە، یانەکەمان پێویستی بە کەسێکی شارەزایە، کە ئەزموونی لە خولی عێراق هەبێت و ئاشنا بێت بە یاریزانانی کورد، ئێستا ئەحمەد سەلاح یەکێکە لەو کەسانەی کە ئەزموونی زۆری هەیە، بۆیە ئەگەر ببێتە ڕاهێنەری تیپەکەمان تا کۆتایی ساڵ دڵنیام سەرکەوتوو دەبێت.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەمساڵ هەولێر پەیڕەوی کاری خۆی گۆڕیوەو پشت بە یاریزانانی کورد دەبەستێت، پێتوایە ئێوە دەتوانن ڕکابەری لەسەر نازناوی ئەم وەرزە بکەن؟**

**کۆسرەت بایز:** بێگومان دەتوانین ئەم کارە بکەین، چونکە یاریزانی زۆر باشمان هەیە، بەڵام تا ئێستا دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بۆ یاریکردن، ئێستا دەرفەتە بۆ یاریزانانی کورد تا بتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن.

**ڕووداوی وەرزشی: واتە پێتوایە یانەی هەولێر سەرەڕای ئەم قەیرانە داراییە دەتوانێت ئەنجامی شایستەبەدەستبهێنێت؟**

**کۆسرەت بایز:** ڕاستە قەیرانە و زۆربەی یاریزانەکان ڕیزی یانەکەیان جێهێشتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا متمانەمان بە یاریزانانی کورد هەیەو دەتوانین دەستکەوتی زۆر باش بەدەستبێنین، بەڵام سەبر و ئارامیشی دەوێ.

"هیوادارم لە داهاتوودا درێسی هەڵبژاردەی عێراق لەبەربکەم"

**ڕووداوی وەرزشی: گرفتی یانەی هەولێر لە چیدا دەبینی؟**

**کۆسرەت بایز:** یانەکەمان وەک دەزانن پێویستی بە پاڵپشتی هەیە، لەم چەند ساڵەی دواییدا یانەکەمان بێ خاوەنی پێوە دیاربووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەنجامەکانی ڕابردووی بووە.

"لەم چەند ساڵەی دواییدا یانەی هەولێر بێ خاوەنی پێوە دیاربووە"

**ڕووداوی وەرزشی: یاریزانانی کوردستان هەموو ساڵێک لەگەڵ وەرزی گواستنەوەی یاریزانان دەڵێن گرێبەستمان لە یانەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ هاتووە، بۆچی ئەم ڕێچکەیە ناشکێنن و بچن ئەزموونی یاریزانی کورد لە دەرەوە تاقی بکەنەوە؟**

**کۆسرەت بایز:** ڕاستە یاریزانی کورد تاوەکو ئێستا ئەم ڕێچکەیەی نەشکاندووە، هەر کەسێک هۆکارێکی تایبەتی هەیە، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو ڕێچکەیە بشکێت و یاریزانی کورد ئەزموونی خۆی لە دەرەوەش تاقیبکاتەوە.

**ڕووداوی وەرزشی: بۆچوونت چییە لەسەر هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی؟**

**کۆسرەت بایز:** وەک دەگوترێت هەڵبژاردەی عێراق هی هەموانە، بەڵام بەداخەوە ئەو هەڵبژاردەیە لەلایەن چەند کەسێکەوە قۆرخکراوە، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم درێسی هەڵبژاردەکە لەبەربکەم.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەگەر شتێکت ماوە بیڵێیت؟**

**کۆسرەت بایز:** هیوادارم ئەو یاریزانانەی یاری بۆ یانەی هەولێر دەکەن، بەرپرسیاریەتی خۆیان بزانن. هیوای سەرکەوتنیش بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەخوازم.

## سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ:

# هەردی و کۆسرەت ناتوانن یاری بۆ هەولێر بکەن

"ئەو دوو یاریزانە بە فەرمی یاریزانی زاخۆن و مافی دەستبەرداربوونیان پێنادەین"



**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**


سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند "هەردوو یاریزانەکەی هەولێر، هەردی سیامەند و کۆسرەت بایز یاریزانی فەرمی ئێمەن و مافی گواستنەوەیان پێنادەین". هەروەها گوتی "یانەی زاخۆ جیاواز لە یانەکانی دیکە کۆمەڵێک کاری بازرگانی هەیە و بە داهاتی ئەوان دەتوانێت گرێبەستی یاریزانانی دابین بکات".

خەلیل ئەحمەد، سەبارەت بە گرێبەستکردنی یانەی زاخۆ لەگەڵ هەردوو یاریزانی یانەی هەولێر، هەردی سیامەند و کۆسرەت بایز و دواتر گەڕانەوەیان بۆ یانەی هەولێر، ڕایگەیاند ئەوان ڕێگە نادەن یاری بۆ یانەی هەولێر بکەن و گوتی "دەستبەرداربوونمان بەو دوو یاریزانە نەداوە، ئەوان بە فەرمی یاریزانی ئێمەن و ناتوانن یاری بۆ یانەی هەولێر بکەن". هەروەها گوتی "ئەوان گرێبەستی فەرمیان هەیە لەگەڵ یانەی زاخۆ، گرێبەستەکەیان لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق و یەکێتی تۆپی پێی لقی شارەکان پەسندکراوە، بۆیە ئەوان ناتوانن بێجگە لە یانەی زاخۆ بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاری بکەن، بەداخەوە ئەوان بەبێ پرسی دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ یانەکەیان جێهێشتووە، بۆیە ئێمەش مۆڵەتی گواستنەوەیان پێنادەین". ئەو بەرپرسەی یانەی زاخۆ، گوتیشی "ڕاستە پارەو بڕی گرێبەستەکانیان دواکەوتووە، بەڵام ئێمە بڕی گرێبەستەکانیان پێدەدەین، ئەوان ئێستاش بێنەوە ئێمە پارەی ئەوان دابین دەکەین و پارەی هیچ کەسێک ناخۆین".

یانەی زاخۆ لەم وەرزەدا بەسەرپەرشتی ستانی ڕاهێنەی ڕۆمانی یانەکە، بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەک لە یاریزانانی ڕۆمانی، فلۆرین کۆستا، دانیال و کرستیان دومینۆتا مۆرکرد. گرێبەستی ئەو 3 یاریزانە نزیکەی 500 هەزار دۆلارە، جگە لە مۆرکردنی ئەم گرێبەستانە دەنگۆی ئەوەش هەیە، کە مستەفا کەریمی هێرشبەری پێشووی یانەی جەوییە بەبڕی 300 ملیۆن دینار پەیوەندی بە یانەی زاخۆوە کردووە، لە کاتێکدا ئێستا قەیرانی دارایی سەرجەم یانەکانی هەرێمی کوردستانی خستووەتە بارودۆخێکی سەختەوە.

سکرتێری یانەی زاخۆ، لەو بارەوە گوتی "ئێمە پشت بەتوانای خۆمان دەبەستین، ژمارەیەک شوێنی بازرگانیمان هەیە لەناو زاخۆ، بە پارەی ئەوان دەتوانین گرێبەستی یاریزانانمان دابین بکەین، بۆیە ئەم کارە بازرگانیانە ئەرکی ئێمەیان تا ڕاددەیەک باشکردووە لە هێنانی یاریزانان".

لە بارەی کردنەوەی ئەو کەمپە مەشقییەش، کە بڕیارە یانەی زاخۆ لە وڵاتی ڕۆمانیا بکاتەوە، خەلیل گوتی "ئەمڕۆ سێشەممە دەگەینە ڕۆمانیا، کەمپەکە ماوەی 20 ڕۆژ دەخایەنێت و چەندین یاری دۆستانەش ئەنجام دەدەین".



## دابەزی



ماڵپەڕی ترانسفێر مارکێتی تایبەت بە دیاریکردنی نرخی یاریزانان ئاشکرایکرد کە نرخی فابیۆ کوینتراوی یاریزانی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی تا دێت لە دابەزیندایە، لەبەر کەم یاریکردنی لەگەڵ یانەکەی، بەهۆی زۆر تووشبوونی بە پێکان. وەک ئەو ماڵپەڕە باسیدەکات لە ماوەی تەنیا دوو وەرزدا نرخی کوینتراو 7 ملیۆن یۆرۆ دابەزیوەو نووسیویەتی "لە وەرزی 2013 ـ 2014دا نرخی کوینتراو 25 ملیۆن یۆرۆ بوو، ئێستا نرخەکەی تەنیا 18 ملیۆن یۆرۆیەو پێشبینی دەکرێت زیاتریش دابەزێت".

ئەڤتاندێل چریکیشڤیلی، پاڵەوانی جیهان لە یاری جودۆ، بۆ (رووداوی وەرزشی):

# مێسی هەموو جۆرجیای دڵخۆشکردووە





## "جارێک پاڵەوانی جیهان و 3 جاریش پاڵەوانی ئەوروپا بوومە"

**سەفین تەها**
**رووداوی وەرزشی ـ جۆرجیا**

ئەڤتاندێل چریکیشڤیلی، پاڵەوانی جیهان لە یاری جودۆ، لە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە هاتنی یانەی بارسێلۆنا و لیۆنێل مێسی باشترین یاریزانی جیهان، هەموو جۆرجییەکانی دڵخۆش کردووە.

چریکیشڤیلی، یەکێکە لە یاریزانە بەناوبانگەکانی یاری جودۆ لەسەر ئاستی ئەوروپا و هەموو جیهان. ئەو بێجگە لەوەی ساڵی 2014 بووەتە پاڵەوانی جیهان، 3 جاریش ملوانکەی زێڕی یەکەمی ئەوروپای لەملکردووە. ئەو سوپاسی تیمی تۆڕی میدیایی رووداوی کرد بۆ بەسەرکردنەوەی و باسی یاری جامی سوپەری ئەوروپای بۆ کرد، کە ئەمشەو لە وڵاتەکەی ئەو لەنێوان هەردوو یانەی ئیسپانی، بارسێلۆنا و سیڤیلیا بەڕێوەدەچێت.

پاڵەوانی جیهان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەم رووداوە وەرزشییە دڵی خۆی و هەموو جۆرجییەکانی خۆشکردووە، چونکە وەک خۆی گوتی "کەس نییە حەزنەکات بارسێلۆنا و ئەستێرەکانی سەردانی وڵاتەکەیان بکەن، بەتایبەتی لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی کە هەموو جیهان حەز بە یاریکردنی دەکات".

ئەڤتاندێل چریکیشڤیلی، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بێجگە لە حەزی هاندەران بۆ بینینی مێسی و هەڤاڵەکانی، ئەنجامدانی ئەو یارییە بۆ وڵاتەکەی زۆر گرنگەو گوتی "بەڕێوەچوونی یاری جامی سوپەری ئەوروپا لە تبلیسی پایتەخت، لە رووی وەرزشی و ئابووری و تەنانەت کلتوورییشەوە بۆ جۆرجییەکان زۆر گرنگە".

ئەو قسەکانی روونتردەکاتەوەو دەڵێت "بەڕێوەچوونی ئەو یارییە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی بزاڤی وەرزشی لە جۆرجیا، کە دەمانەوێت میوانداری پاڵەوانییەتییە گەورەکانی تۆپی پێ بکەین. هەروەها لە رووی ئابوورییشەوە ئەم یارییە رێژەی گەشتیاران بۆ وڵاتەکەمان بەرزدەکاتەوە، بێجگە لەوەش ئەو گەشتیارنە جوانییەکانی وڵاتەکەمان دەبنەوە وڵاتەکانیان و جیهان زیاتر ئاشنا دەبێت بە جۆرجیا".

هەموو جۆرجییەکان دڵخۆشن بە ئەنجامدانی یاری جامی سوپەری ئەوروپا لە وڵاتەکەیان..

# مێسی گەنجانی کورد دەباتە جۆرجیا



**گەنجێکی هەولێر:**
**ئەمشەو هەمووتان دەبینن چۆن ئاڵای کوردستان دەخەمە ملی مێسی**



**سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی جۆرجیا:**
**هێنانی ئەو یارییە بۆ جۆرجیا گەورەترین کارە بۆ وڵاتەکەم کردبێت**



**سەرۆکی باژێرڤانی تبلیسی:**
**ساڵێکە هەموومان پێکەوە کار بۆ سەرخستنی ئەم یارییە دەکەین**

**ئیحسان تاهیر**
**رووداوی وەرزشی ـ جۆرجیا**

گەنجانی کورد، لە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا بە (رووداوی وەرزشی)یان گوت "ئێمە بۆ بینینی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتنینی هاتووینەتە جۆرجیا". سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جۆرجیاش بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە وڵاتەکەی زۆر دڵخۆشە بە میوانداریکردنی یاری جامی سوپەری ئەوروپا.

### کورد پڕی جۆرجیا بووە

تیمی تۆڕی میدیایی رووداو، لە تبلیسی پایتەختی جۆرجیایە، بۆ رووماڵکردنی یاری جامی سوپەڕی ئەوروپا، کە ئەمشەو کاژێر 9:45ی شەو بە کاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

جۆرج چۆگۆڤاتزێ، وەزیری گەشتوگوزاری جۆرجیا، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە زیاتر لە 20 هەزار گەشتیار بۆ بینینی یاری جامی سوپەری ئەوروپا هاتوونەتە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا. وادیارە بەشێک لەو هاندەرانە کوردن، کە بە دەیان و بگرە سەدان گەنج و تەنانەت بەتەمەنەکانیش، لە شار و شاروچکە و تەنانەت گوندەکانی کوردستانیشەوە گەشتی جۆرجیایان کردووە بۆ ئەوەی ئەمشەو یاریکردنی مێسی و هاوڕێکانی ببینن.

عەلی قادر، کوردێکی تەمەن سەروو 50 ساڵی بوو، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ دەستپێکردنی یارییەکە و بینینی مێسی. ئەو دەیگوت "من هاندەری مانچستەر یونایتدی ئینگلیزیم، بەڵام لەبەر مێسی هاتوومەتە جۆرجیا، ئەو یاریزانێکی گەورەیە، دەمەوێ لە نزیکەوە ببینم". عەلی گوتی "لەپێناو ئەو حەزەم، بلیتی یاریگەم بە 470 دۆلار کڕیوە".

بەهمەن غەریب، خەڵکی سلێمانییە، یەکێکە لە رۆژنامەنووسە هەر چالاکەکانی بواری وەرزش لە کوردستان، ئەویش نەیشاردەوە کە بینینی یاری مێسی شایستەی ئەوەیە رێیەکی دووری بۆ ببڕی و گوتی "لە راستیدا پێش مێسی گرنگی یارییەکە وایلێکردووم بێمە جۆرجیا، بەڵام مێسی وایکردووە هەموو جیهان حەزبکەن یاری بارسێلۆنا ببینن، بێگومان ئەمە بۆ رۆناڵدۆی رکابەریشی راستە، کە زۆر خەڵک خواستی بینینیان هەیە".

### خێزانەکانیش بۆ مێسی لە جۆرجیان

نەک هەر تاکەکان، بەڵکو هەندێک لە خێزانەکانی کوردیش بۆ بینینی مێسی روویان لە جۆرجیا کردووە. ئەوان حەزدەکەن هەموویان پێکەوە ئەو خەوەنەیان ببینن، کە دەمێکە بە خەیاڵی بینینی مێسی لە نزیکەوە دەژیان.

باران شارەزا، کە پیشەی مامۆستایەو خەڵکی هەولێرە، نموونەی یەکێک لەو خێزانانەیە کە بەسەرجەم ئەندامانیماڵەوە گەشتی جۆرجیایان کردووە. بێجگە لە خەرجییەکانی گەشتەکە، پارەیەکی زۆریشیان بۆ کڕینی بلیتی یارییەکە خەرجکردووە. ئەوان دەیانەوێ ئاڵای کوردستان لە یاریگەکەدا بشەکێننەوەو پێکەوە چەپڵە بۆ مێسی و بارسێلۆنا لێبدەن.

مامۆستا بارزان لە بەردەم یاریگەی بۆریس پایچیادزێ، کە یارییەکە لەخۆدەگرێت، بە (رووداوی وەرزشی) گوت "هەموومان پێکەوە بۆ بینینی یاری مێسی و بارسا هاتووین". بە قسەی مامۆستا بارزان ئەوان هەموو ساڵێ گەشتێک بۆ دەرەوەی کوردستان دەکەن، بەڵام هاتنی مێسی بۆ جۆرجیا وایلێکردوون ئەو وڵاتە بۆ گەشتی ئەمجارەیان هەڵبژێرن "هەموومان دەمانویست مێسی ببینین، بۆیە کاتێک زانیمان یاری سوپەری ئەوروپا لە جۆرجیا ئەنجام دەدرێت، بڕیارماندا گەشتی ئەمساڵمان بۆ ئەو وڵاتە بێت".

وەک ئەو مامۆستایە باسیدەکات، هاتنی ئەو هەموو کوردە بۆ بینینی یارییەکە رەهەند و هۆکاری سیاسیشی لەپشتەوەیە "گەنجی کورد سۆزێکی زۆری بۆ بارسا هەیە، بەهۆی هەرێمی کەتەلۆنیا کە پرسی سیاسیان زۆر بە پرسی سیاسی کوردستان دەچێت". هەروەها گوتیشی "کاتێک مێسی گۆڵ دەکات دەڵێت گۆڵەکەم پێشکەشە بە دایکم و بە گیڤارا، ئەوە ئاماژەیە بۆ گیانی نەتەوەیی و خۆشەویستی ئەو یاریزانە بۆ ئازادی گەلان، کە گیڤارا هەمیشە سیمبولی بەرخودان و ئازادی بووە".

مام ئەحمەدیش، پیاوێکی دیکەی تەمەن سەروو 60 ساڵی بوو، ئەویش بە چەند کوڕ و برازایەکەوە هاتبووە جۆرجیاو دەیگوت "کاکە بەخوا لەبەر مێسی هاتووین".



### ئاڵای کوردستان لە ملی مێسی دەکات

گەنجێکی دیکەی کورد خۆشەویستییەکەی بۆ مێسی لە رادەبەدەرە، ئەو بەوەندە رازی نابێت یاریکردنی مێسی ببینێت، بەڵکو ئامادەیە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیربکرێت لەپێناو گەیشتن بە خەونەکەی، کە وەک خۆی دەڵێت "گەورەترین خەونم ئەوەیە ئاڵای کوردستان لە ملی مێسی بکەم".

ئەو گەنجە ناوی شێخان شێخانییە. خەڵکی هەولێرە، ئەو زۆر دڵنیایە لەوەی کە دەتوانێت بەو ئەنجامە بگات کە پلانی بۆ داناوەو گوتی "بەدڵنیاییەوە ئەوەی من دەمەوێ بیکەم و لەپێناویدا هاتوومەتە جۆرجیا، دەیکەم و ئاڵای کوردستانی لە مل دەکەم".

شێخان، گوتی "ئەگەر لە هوتێلیش نەمتوانی ئەو کارە بکەم، لە کاتی یاری دەچمە ناو یاریگەو بە بەرچاوی هەموو دونیا دەبێ ئاڵای کوردستان بخەمە ملی مێسی، ئەمشەو هەموو کورد ئاڵای کوردستان لەسەر شانی مێسی دەبینن".

### جۆرجییەکانیش دڵخۆشن

ئێمە وەک تیمی رووداو لە کاتی گەڕان لەناو شەقامەکانی جۆرجیادا، بە ئاسانی هەستمان بە دڵخۆشی جۆرجییەکان بە هاوڵاتی و بەرپرسانەوە بەو یارییەی ئەمشەو لەسەر یاریگەی بۆریس پایچادزێ لەنێوان هەردوو یانەی ئیسپانی، بارسێلۆنا و سڤیلیا بەڕێوەدەچێت، دەکرد.

ریڤازا ئاتڤاڵدێز، سەرۆکی ڤیدراسیۆنی تۆپی پێی جۆرجیا، بە (رووداوی وەرزشی) گوت "من زۆر دڵخۆشم کە توانیومە گەلی جۆرجیا دڵخۆش بکەم، چونکە بە هەوڵ و کۆششی من و سەرۆک وەزیرانی جۆرجیا ئەو یارییە هێنراوەتە جۆرجیا".

ئەو کە پێشتر یاریزانی هەڵبژاردەی جۆرجیا و یانەی هامبۆرگی ئەڵمانی بووە، گوتی "چەندین ساڵ یاریزانی هەڵبژاردەی جۆرجیا بوومە، چەندین ساڵیشە سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی جۆرجیام، پێموایە هێنانی ئەو یارییە بۆ وڵاتەکەم باشترین کار و خزمەتە کە بۆ وڵاتەکەم و جۆرجییەکانم کردبێت".

داوید نارمانیا، سەرۆکی باژێرڤانی تبلیسی، بە هەمان شێوە دڵخۆشی جۆرجییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو یارییە، بۆ (رووداوی وەرزشی) دووپاتکردەوەو گوتی "هەموو جۆرجییەکان دڵخۆشن بە ئەنجامدانی یارییەکی وا گرنگ لە وڵاتەکەمان، بۆیە ماوەی ساڵێکە هەموومان پێکەوە کاردەکەین بۆ سەرخستنی ئەم یارییە". هەروەها گوتیشی "ئێمە 9 ملیۆن یۆرۆمان لە ئامادەکارییەکانی یارییەکە خەرجکردووە، دەبێ شارەکەمان زۆر بە جوانی و خاوێنی رابگرین".



ئەمانە لە خێزانێکی کوردن، بۆ بینینی مێسی چوونەتە جۆرجیا



## ناکۆکن

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرایکرد کە ناکۆکی کەوتووەتە نێوان رافا بینیتێزی راهێنەری تیپی یەکەمی ریال مەدرید و زینەدین زیدانی راهێنەری تیپی دووەمی ئەو یانەیە، لەسەر مارتن ئۆدیگاردی یاریزانی لاوی نەرویجی. بە گوێرەی ئەو رۆژنامە مەدریدییە "بینیتێز سوورە لەسەر ناردنی ئۆدیگارد بۆ یانەیەکی دیکە بەشێوەی خواستن، زیدانیش سوورە لەسەر مانەوەی ئۆدیگارد لە تیپەکەی، ئەمەش ناکۆکی خستووەتە نێوان ئەو دوو راهێنەرەی ریال مەدرید".

# لێدوانی لەخۆباییەکان لەیاد ناکرێن



**ئا: رووداوی وەرزشی**

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی سوید نەیتوانی بگاتە کۆتاییەکانی مۆندیالی 2014 و بەرامبەر بە پورتوگال لە پاشکۆی ئەورووپیدا تووشی دۆڕان هات، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی هەڵبژاردە دۆڕاوەکە و یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لێدوانێکی سەیری بۆ راگەیاندنەکان دا، کە لەخۆباییبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو. ئیبرا دوای یارییەکە گوتی "مۆندیال بە بێ من هیچ تامێکی نییە، هی ئەوەی نییە چاوەڕوانی بن".

ئەم قسانەی ئیبرا چەندین لێدوانی هاوشێوەمان بیردێنێتەوە کە راهێنەر و یاریزانان خۆبەزلزانینی خۆیان تێدا دووپاتکردووەتەوە. ئەمانە بەشێکن لە دیارترین لێدوانە هاوشێوەکان کە بەڵگەی کەسایەتییە نەرجسییەکانی ئەو یاریزان و راهێنەرانەن:

### * سپێشەڵ وەن (کەسە تایبەتەکە)

ئەوکاتەی خۆزێ مۆرینیۆ لە یانەی پۆرتۆوە چووە یانەی چێلسیی ئینگلیزی دوای ئەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگی بۆ پۆرتۆ مسۆگەرکرد، لە یەکەمین کۆنگرەی رۆژنامەوانیدا، گوتی "تکایە مەڵێن کەسێکی لەخۆباییە، من کەسێکی تایبەتم و هاوشێوەم نییە". ئەم نازناوە تاوەکو ئێستاش بۆ خۆزێ بەکاردێت، بەڵام هەندێجار بۆ ستایش و هەندێجاریش وەک جۆرێک لە گاڵتەپێکردن.

### * گۆڵێک دەکەینە دیاری بۆ سەگەکانمان

ساڵی 1982 هەریەکە لە یۆب دیرووڵی راهێنەر و رۆمێنیگێ و برایتنەری یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەر لە یارییەکەیان بەرامبەر بە هەڵبژاردەی جەزائیر، گوتیان "هەشت گۆڵ لە جەزائیر دەکەین، 7 گۆڵ دەکەینە دیاری بۆ هاوسەرەکانمان و هەشتەمیش بۆ سەگەکانمان". بەڵام لەو یارییەدا جەزائیر توانی بە ئەنجامی 2 ـ 1 یارییەکە بباتەوە و وانەیەکیش لە رەوشتی وەرزشیی بە ئەڵمانییەکان بدات.

### * میدۆ: جگە لە من هیچ میسرییەک پیشەگەر نییە

میدۆ یاریزانی هەڵبژاردەی میسر پێگەی جەماوەریی فراوانی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بە روونی دیارە کە کەسێکی لەخۆباییە، دوای ئەوەی لەگەڵ حەسەن شەحاتەی راهێنەر کێشەیان کەوتە نێوان، میدۆ لە کۆنگرەیەکدا گوتی "لە میسر هەمووان ئارەزوومەندن، راهێنەر ئارەزوومەندە، یانەکان هی ئارەزوومەندانن، تەنانەت یەکێتی تۆپی پێش ئارەزوومەندان بەڕێوەی دەبەن، هەندێک من بە کەسێکی لەخۆبایی دادەنێن، بەڵام با ئەوە بزانن کە من لە پریمیەرلیگدا یاری دەکەم و پیشەگەرم".

### * من دەوڵەمەند و جوانم و ئیرەییم پێ دەبەن!

کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئێستا یەکێکە لە باشترین و خۆشەویستترین یاریزانانی تۆپی پێ لە جیهاندا، بەڵام پێشتر کەسایەتی ئەو یاریزانە جۆرێکی دیکە بوو، بەوە ناسرابوو کە کەسێکی لەخۆباییە. بۆ نموونە، دوای یارییەکەی نێوان ریال مەدرید و دینامۆ زەگربی کرواتی، کریستیانۆ گوتی "لەبەرئەوەی من دەوڵەمەندم، جوانم و یاریزانێکی بەهرەمەندم، هەمووان ئیرەییم پێدەبەن".

### * ئەفسانەیەکی لەخۆبایی:

برایەن کلۆف، راهێنەری پێشووی یانەی نۆتینگهام فۆریست کە 2 جار بووەتە پاڵەوانی چامپیۆنسلیگ و جارێکیش پریمیەرلیگ، لە بارەی خۆیەوە دەڵێت "لە سەردەمی خۆمدا، من باشترین راهێنەر بووم و کەس وەک من نەبوو".

### * محەممەد عەلی کلای

گومان لەوەدا نییە کە کلای یەکێکە لە باشترین و لێهاتووترین بۆکسێنەرەکانی مێژووی یاری بۆکسێن. بەڵام واش باس دەکرێت کە کەسێکی لەخۆبایی بووە، بۆ نموونە لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا دەڵێت "پێشتر پێتانمگوت و ئێستاش دەیڵێمەوە، من باشترینم و کەس نییە هاوشێوەی من بێت".

### * سەرکەوتوویەکی خۆبەزلزان

لین شاکلتن، یاریزانێکی ئینگلیزی بوو، بەوە ناودار بوو کە قسە و لێدوانی سەیر دەدات و لە ریزەکانی یانەی نیوکاسڵ یاریدەکرد. دوای سەرکەوتنیان بەسەر یانەی نیوپۆرت کاونتی بە ئەنجامی 13 ـ 0، ئەو یاریزانە گوتی "ئەوان دەبێ مەمنوون بن بەوەی توانیان بە ئەنجامی سفر بچنە دەرەوە".

### گەورەترین لەخۆباییبوون

لە مۆندیالی 2010ی باشووری ئەفریقیا، لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی بەر لە یاری ئەرجەنتین و ئەڵمانیا، لە قۆناخی هەشتەمدا، کاتێک تۆماس مۆلەری هێرشبەری ئەڵمانی هاتە ژوورەوە، دیێگۆ مارادۆنای راهێنەری ئەوکاتی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، سووکایەتی بە مۆلەر کرد و گوتی "چۆن ئەرجەنتین بەم منداڵە دەدۆڕێت، کە تەنیا بۆ ئەوە باشە تۆپ بێنێتەوە". کەچی ئەڵمانیا بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر یارییەکەی بردەوەو مۆلەریش گۆڵێکی لە هەڵبژاردەکەی مارادۆنا تۆمارکرد.



پیپ لە دیدی کرۆییڤدا..

# بۆچی گواردیۆلا باشترین راهێنەری جیهانە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**


لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ دەزگای TZی ئەڵمانیدا، یۆهان کرۆییڤی ئەفسانەی تۆپی پێی هۆڵەندا باس لە پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئیسپانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی دەکات و روونیدەکاتەوە کە بۆچی ئەو سەرکەوتووترین راهێنەری جیهانە.

کرۆییڤی تەمەن 66 ساڵ، گوتی "من پیپ بە باشی دەناسم، دەزانم کە کەسێکی زیرەکە، ئەوکاتەش کە بارسا گرێبەستی لەگەڵدا کرد دەمزانی کە هەموو پێشبینیەک تێدەپەڕێنێت و تەکتیکێکی تایبەت و ناوازە بە یانەکە دەدات، لە راستیدا ئەو راهێنەرێکی نموونەییە".

بە بۆچوونی کرۆییڤ، گواردیۆلا هیچ شتێک بۆ رێکەوت و چانس بە جێناهێڵێت و گشت ئەگەرەکان لە بەرچاوی خۆی دادەنێت "ئەو پێیگوتووم کە زۆر ئاسوودەیە لە باڤاریا و بەهیچ شێوەیەک هەست بە بێزاری ناکات لە کارکردن لەگەڵ بایرن میونشن، لە دوای هەر یارییەکیش دەستبەجێ بیر لە یاری داهاتوو دەکاتەوەو هەموو ئەگەرەکان لە بەردەمی دادەنێت".

کرۆییڤ هەروەها روونیشیکردەوە "شتێک نییە لە تۆپی پێدا بگاتە پلەی رەهایی و بێکەموکوڕی، هەمیشە کەلێن و درز هەن کە ببنە مایەی شتێک لە لاوازی بۆ یانەیەک، بەڵام بە بۆچوونی من بایرن و گواردیۆلا ئێستا گەیشتوونەتە راددەیەکی باشی رەهایی و ئەگەر وا بەردەوام بن دەبنە باشترین یانەی مێژووی تۆپی پێ".

# گەنجێک بە دوای رۆناڵدۆوەیە



**رووداوی وەرزشی ـ ئەرسەلان عەبدوڵلا**

گەنجێکی دانیمارکی شێت و شەیدای رۆناڵدۆ بووەو بە هەزاران دۆلار بۆ بینینی ئەستێرەکەی ریال مەدرید خەرج دەکات و رایدەگەیەنێت بە چەندان کاژێر چاوەڕوانی چەند چرکەیەکی بینینی دۆن دەکات.

شانتا، ئەو گەنجە دانیمارکییەیە، کە زۆر سەرسامی رۆناڵدۆی باشترین یاریزانی جیهانە، بەجۆرێک ناوی رۆناڵدۆ وەک نازناوی خانەوادەکەی بەکاردێنێت. ئەو گەنجە کە تەمەنی 17 ساڵە، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی میرۆری بەریتانی، دانی بەوەداناوە، پارەیەکی زۆری خەرجکردووە بۆ ئەوەی وەک کریستیانۆ دەربکەوێت، بەتایبەتی لە رووی ستایلی جلوبەرگ و قژەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش نازانێت چەندی پارە بۆ ئەوە خەرجکردووە تاوەکو رۆناڵدۆ دەربکەوێت.

شانتا تاوەکو ئێستا 5 جار سەردانی مەدریدی کردووە بۆ ئەوەی رۆناڵدۆ ببینێت، ئەو دان بەوەدادەنێت، سەرسامیی ئەو بە رۆناڵدۆ، نموونەی نییە و دەڵێت "سەرسامی من بۆ رۆناڵدۆ و لاساییکردنەوەی ئەو، بۆ ئەوەیە منیش هیوای ئەوەم هەیە وەک ئەو بژیم و دەوڵەمەندبم و ژیانم خۆشبوێت".

شانتا دووپاتیدەکاتەوە سەرەتای سەرسامی و عاشقبوونی بە رۆناڵدۆ، بۆ ساڵی 2009 دەگەڕێتەوەو بەشێوەیەکی دیاریکراو لەوکاتەی ئەو یاریزانە لە مانچستەرەوە رووی لە ریال مەدرید کرد بە گرێبەستێکی خەیاڵی و دواتر چەندجارێک رۆناڵدۆی بینیوەو پێیوایە کەسێکە شایەنی ئەوەیە عاشقی ببێت.

شانتا دەڵێت "رۆناڵدۆ ئێستا من دەناسێت دوای ئەوەی بە دیداری گەیشتم، زۆر یارمەتیدام لەوەی بتوانم ببینم، چەندینجاریش چوومەتە مەدریدو بە چەندان کاژێر لەسەر شەقامەکان چاوەڕێمکردووە، تەنیا بۆ ئەوەی شاندی ریال مەدرید و بەتایبەتی رۆناڵدۆ ببینم". هەروەها دەشڵێت "لەپێناو بینینی کریس وڵات بە وڵاتی ئەورووپا گەڕاوم، بەتایبەتی لە کاتی یارییەکانی تیپەکەی لە چامپیۆنسلیگدا، بڕیاریشە بەمزووانە لە مەدرید بیبینم".

شانتای لاوی دانیمارکی ئاشکراشی دەکات، ئەندامانی خانەوادەکەی و هاوڕێیەکانی بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ بانگی دەکەن، چونکە دەزانن تاوەکو چ رادەیەک عاشقی رۆناڵدۆیەو رێزی دەگرن، هەرچەندە هەندێکیان ئەو کارەی ئەو گەنجە بە "جۆرێک لە شێتی" دەزانن.





باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

411
korektel.com







ڕێبوار محەممەد

## جۆرجیا و شەڕی میواندارێکردنی سوپەری ئەورووپا

جۆرجییەکان ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا هەوڵێکی گەورەی هەمەلایەنەیان دەستپێکرد بۆ میواندارێکردنی جامی سوپەری ئەورووپا، ئەوان لە پاڵ سۆزی ئەورووپییەکاندا بۆیان، کە بەهۆی دوا شەڕی ڕووسیاوە بۆ سەر وڵاتەکەیان لە 2008دا بەدەستیانهێنابوو، گرەوی میواندارێکردنەکەیان بردەوەو سبەی سێشەممە یارییەکە لە ئامێز دەگرن.

گەرچی لە گورجستان کە ناوی پێشووی جۆرجیایە، تۆپی پێ ئەو یارییە پڕ جەماوەرییە مەزنە نییە کە شەوق و زەوقی کۆی گشتی خەڵک بوروژێنێت، بەڵام کارکردنی جۆرجییەکان لەسەر میواندارێکردن و ڕێکخستنی جامەکە بەشێکی ئەو پلانەیە کە حکومەت دایناوە بۆ ئامانجی گەورەتر، کە ڕاکێشان و بانهگێشتکردنی گەشتیار و میوانە ئەورووپییەکانە بۆ تەبلیسی و باتۆمی، دوو گەورەترین شاری جۆرجیا، ئەمەش تەنیا لە جامی سوپەری ئەورووپیدا کۆنەبووەوە، بەڵکو ئەو وڵاتە پێشتر میوانداری ئۆڵمپیادی لاوانی ئەورووپای کردووەو لە چەند هەفتەی داهاتووشدا بەشێک لە پاڵاوتنەکانی باڵەی ئەورووپا لەخۆدەگرێت.

لە جۆرجیا خاڵی سەرنجڕاکێش دەبینیت، ئەو گەلەی ئابوورییەکی لاوازی هەیەو هەردەم حکومەتەکەی بەشوێن واڵاکردنی دەروازەیەکی دیکەدا دەگەڕێت بەشوێن چوونە ناو ئەورووپاوە، زۆر پەرۆشی ئەوەیە ئەوەی لە 20 ساڵی ڕابردوودا بەهۆی گۆشەگیربوونی خۆیەوە لەدەستیچووەو ئەوەشی بەهۆی بوونی وەک بەشێکی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو پێنەکراوە، ئێستا بیکات و شوێن پێی وڵاتە ئەورووپییەکان لەوبارەوە هەڵدەگرێتەوە.

کاتێک سەیری جۆرجیا وەک وڵاتێک دەکەیت و دامەزراوەو یاریگەو شوێنە وەرزشییەکانی دەبینی، لەوە تێدەگەیت ئەوەی کاری بۆ دەکرێت زۆر لەوە مەزنترە کە بەرچاودەکەوێت.

زۆرینەی مێژووی دەستکەوت و نازناوە وەرزشییەکانی جۆرجیا بووەتە بەشێک لە مێژووی ئەو زلهێزەی پێشتر بەناوی یەکێتی سۆڤیەتەوە هەبوو، بۆیە ئێستا زۆرینەی هەوڵەکان بۆ دەرچوونە لە سایەی ئەو یەکێتییە لەناوچووە.

تارێل خیکیچاشڤێلی وەزیری وەرزش و لاوانی جۆرجیا، بەبەراورد بە نووسینگەو وەزارەتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، لە باڵەخانەیەکی گەورە و مۆدێرن و ڕازاوەدا دانیشتووە، ئەوەش وایکردووە ئەو پیاوە هەیبەت بە کاری خۆی و وەزارەتەکەی بدات. شتێکی سەیربوو کاتێک زانیم کە وەزیر لە ڕێگەی حزب و حزبایەتییەوە نەبووەتە وەزیر و ئەوەی ئەوی گەیاندووەتە ئەو پۆستە خۆی بووە.

تارێل کە لە نووسینگەکەیدا لە ناوەڕاستی تبلیسی کاردەکات، چەندان خانمی گورج و گۆڵ و زمانزان و شارەزا بەچواردەورییەوە کاردەکەن و خۆی سەرمایەدارێکی مەزنی ئەو وڵاتەیەو لە هەمانکاتدا وەرزشدۆستێکی زۆر مەزنە.

تارێل خزمەتی زۆری وەرزشی کردووە، چەندان یاریگەو هۆڵ و باڵەخانەی جیاوازی دروستکردووەو خستوویەتییە خزمەت وەرزشی وڵاتەکەیەوە، ئەوە وایکردووە حکومەت بەهۆی بوونی ئەوەوە وەزارەتێک بەناوی وەرزش و لاوانەوە بکاتەوەو هەر ئەویش بکاتە وەزیر.

ئەوەی پارە دەدات لە کاری نێوان تارێل و حکومەتەکەیدا وەزیرە نەک حکومەت، ئەوەش مایەی سەرنجە سەرمایەدارێک بەپارەی خۆی و لە ڕێگەی کارەکانییەوە ببێتە وەزیر.

تارێل خاوەنی مۆزەخانەی دەستکەوتە وەرزشییەکانی جۆرجیایەو لە وەزارەتەکەیدا چەندان کەس لەو مۆزەخانەیەدا کاردەکەن کە نموونەی هەموو دەستکەوت و نازناوەکانی وەرزشی جۆرجیای تێدا کۆکراوەتەوە و ساڵانە زیاتر لە 40 هەزار کەس سەردانی دەکەن.

هەرچەندە هێنانی جامی سوپەری ئەورووپی بە هەوڵی یەکەمی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە و سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی جۆرجیا بووە، بەڵام بەرپرسە جۆرجییەکان هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی ئامانجی ئەوان تەنیا ئەوە نییە یارییەک لەسەر یەکێک لە یاریگەکانی ئەوان بکرێت، چونکە ئەوان پێیانوایە ئەو کارە هەم ئابوورییەکی باشتر بە وڵاتەکەیان دەبەخشێت، هەم ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەو گەنج و لاوە جۆرجیانە دەبێت کە ئارەزوومەندی تۆپی پێن و بە تەنیا 18 لاری کە دراوی جۆرجییە بلیتی ئەو یارییەیان وەرگرتووە کە تێیدا مێسی و ئەستێرەکانی دیکە بە ئەستێرەکانی سیڤییا دەگەیەنێت.

یوفا لە کۆی 55 هەزار بلیتی یارییەکە تەنیا 24 هەزاری داوەتە هاندەرانی هەردوو یانەو ئەویدیکە دراوەتە هاونیشتمانییانی جۆرجیا و ئەوەش هەمووی بۆ ئەوەیە زۆرترین کەس لە جۆرجیا هەلی بینینی یارییەکەیان هەبێت و ئامانجی ئەو بینینەش دروستکردنی خەیاڵی ئەوەیە لای لاوە جۆرجییەکان کە ئەوانیش دەتوانن وەک مێسی، یان سوارێز یان ئیمۆبێلی و ڕیۆس بن.

یەکێکیان واکا واکای شاکیرایە..

# مێسی پێش یارییەکان گوێ لە 10 گۆرانی دەگرێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

پێناچێت لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لەو بەپەرۆشانە بێت کە پێش چوونە ناو یاریگە هێدفۆن دەخەنە گوێچکەکانیان، وەک هاوڕێکانی لە یانەی بارسێلۆنا، بەڵام ئەویش لیستێک گۆرانی تایبەتی هەیە، کە پێش یارییەکان بۆ هاندان گوێیان لێ ڕادەگرێت.



مێسی بە خوسێ مانوێل پینتۆی هاوڕێ و گۆڵچی پێشووی بارسا، کە لە بواری بەرهەمهێنانی موزیک کاردەکات ڕاگەیاندووە، حەز لە چ جۆرە گۆرانییەک دەکات و دانیشی بەوە ناوە کە حەزی لە گۆرانی ئەرجەنتینی و موزیکی هێمنە. مێسی زۆر حەزی لە گۆرانی (ڕۆڵە)ی تیپی (لوس کافریسی) ئەرجەنتینیە، چونکە سەردەمی منداڵی بیردەهێنێتەوە.

خانمە گۆرانیبێژ و ئەستێرەی کۆلۆمبی شاکیرا، دۆستی جیرارد پیکێی هاوڕێی مێسی لە بارسا، لە دیارترین ئەو گۆرانیبێژانەیە کە مێسی حەزی لە دەنگیان دەکات، نەخاسمە گۆرانی (واکا واکا) کە لە لیستی باشترین 10 گۆرانییە لەلای مێسی، کە گۆرانی فەرمی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا بوو، کە خودی مێسی لە کلیپی گۆرانییەکە دەردەکەوێ. هەروەها دوو گۆرانی گۆرانیبێژی کۆلۆمبی، خوانیسی لە لیستی ئەو 10 گۆرانییە هەڵبژاردووە کە هانی دەدەن. گۆرانییەکانی دیکەش ئەمانەن: داوا لە خوا بکە، بینینت جارێکی دیکە، چەپەوانی زێڕین، سوور بووم لەسەر لەدەستدانت و سەیر بکە چۆن سەما دەکات. کە ئەمەی دوایی گۆرانی گۆرانیبێژ سێرجیۆ تۆرێسە.

ئەو گۆرانیانە لەلای مێسی خۆشەویستن و یارمەتی بەرزکردنەوەی ورەی دەدەن لە پێش یارییەکاندا.







شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.


پێشبڕکێ
به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە
نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت



وریا شەمسەدین
لە
بەنیان
بە لێدوانی:
( گرێبەستەکەت نوێکردەوە، گرەوەکەت لێبردمەوە)
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.










ڕووداو وەرزشی

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsanrudaw@gmail.com
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد



